کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
2-6-2007 14:25بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کولتووری کوشتن ... فەرمان سالح

مرۆڤ بوون بە دیوە جوانەکەیەوە بریتیە لە دیاردەگەلێکی پێوانەیی، بۆ ژیان و دواتریش وەهمەکانی ناوەوەی بەرەنگاری و جەنگ و کوشتن و ئازار، بەو واتایەی کۆمەڵێك چەمك و ئیدیۆمی جیاواز چوارچێوەیەك دروست دەکەن، کە لەهەناوی ئەو چوارچێوەیەدا دیاردەی ئەرێنی و لەپشتەوەی راستیەکانیشدا خلۆربوونەوەیەکی بی مانای نەستەکان بەدی دەکرێت، ، کوشتن میتۆدێکی ناوازەی نێو هاوکێشەی مرۆڤایەتییە، کە بەهۆیەوە ئەو بنەما رەوشتی و ساکارانەی لە ئیتاڕی مرۆڤبووندا وجودیان هەیە تێکدەشکێنرێن و ئازاری گەورە دەخەنە گیانی ئەو رۆحانەی ماسکی شەرم و ترسیان بۆ مردن پۆشیوە، هەرکاتێکیش ئینسان ئامادەگی ناشتنی خەونەکانی تێدا بوو بۆ گەڕان بەدوای تەوتەم و وەهمەکانی ئەودیو وجود، ژیان بە ئاقارێکی دیکەی ناتەندروستدا دەڕوات و زامی گەورەو بۆشایی ناوازە لە نێوان مرۆڤ وەك بوونەوەرو کەون وەك قاوخی بەربەرەکانی دروست دەبی، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پڕاو پڕە لە نموونەگەلی واقیعیانەی ئەو جیاوازیانەی لە نێوان مرۆڤ و مرۆڤ بەدیدەکرێت، جیاوازی لە رەنگ و قژ و چاو و باڵا و عەقڵ و رەگەز و دواتریش جیاوازیە دەستکردەکانی وەك جیاوازی خواردن و خواردنەوە جیاوازی سێکس و جیاوازی ژیان و مانەوە، (هەمیشە ئەوانەی دەسەڵات پیادە دەکەن، خەڵکانێکی دیکە دەکەنە قوربانی خەونەکانیان و مردن بەلاوازەکان دەسپێرن و ژیانیش بەسەر خۆیاندا دەبەشنەوە)، ئەو تێڕوانینەش تایبەت نییە بە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو، بەڵکو لە هەموو دونیادا ئەمە بۆتە رێسایەکی هەمیشەیی و بەردەوام پیادەدەکرێت، بۆیەش نابەرابەری لە بەشینەوەی ژیان دروست دەبێت و زیاتریش پیرەکان گەنجەکان دەکەنە داینەمۆی ئیش پێکردنی رۆحە چرچ و خەسیوەکانیان، ئەگەر بمانەوێت لە پێودانگی کەسێتیەکانەوە ئەوین و خۆشەویستی ببشینەوە، لە سەرینی دواتێگەیشتندا رۆح وەبەر ئەو زیندەوەرانە بێنین کە بێ پەروایانە بەدوای ژیاندا دەگەڕێن، دەبی بەر لەهەر شتێك کەون بەتەواوەتی خاڵی بکەینەوە لە دردۆنگی و شوشتنەوەی زهنی مرۆڤ وەك بوونەوەر نەك هەڵسورێنەرو جێبەجێکارێکی درِندە، ئەویش بە هێماو واتاگەلێکی دروستکراو بە بوون و مانەوەو خۆشەویستی، بەبی ئەو چەمکانە ئەوەی ناومان ناوە ژیاندۆستی دەبێتە خەیاڵێکی گەورەو کوشتن گەورەترو گەورەتر دەبێت.

رەنگە تەکنۆلۆژیا هۆکارێکی گەورەی دروستبوونی توندوتیژی و ئاژاوەگێڕی بێت، چونکە هەرچەندە تەکنۆلۆژیا پێشدەکەوێت، تواناو هێزە بەدەنیەکانی مرۆڤ وەلاوەدەنێت، ئەوەش وادەکات خاوەن سەرمایەکان پێویستیان بەو ژیاندۆستییەی کرێکارەکانیان نەمێت و دواجار رۆبۆتێك کە دەتوانی بەتەنها دەیان کارگە بەڕێوە بات، لەلای ئەوان لە هەزاران مرۆڤ بەنرخ تر بێت.

گەورەترین کارەسات کە تائێستا نەمانتوانیوە بەری پێبگرین کوشتنە، کوشتن بەهەموو شێوە و جۆر و ئاستەکانیەوە، لە سەروشیانەوە ئەو کوشتنەی بەدەستی خۆمان چێمان کردووە و ئێستا بۆتە دێوەزمەو کۆتایی پێنایەت، ئەویش کوشتنی رۆحە بۆ هێشتنەوەی رۆحێکی دیکەی بەهێزتر لەو، کە لە ئەنجامی کاڵفامی و شێواوی لە عەقڵ و بیرکردنەوەی هەندێك کەس دروست دەبێت، جا بەهەرهۆیەك و بۆ هەر مەبەستێکی دیاری کراو بێت، لە کۆمەڵگا رۆژهەلاتییەکان سێکس و خۆشەویستی هۆکاری بەهێزی سەرهەڵدانی دیاردەی کوشتن و ناشتنی رۆحەکانە، چونکە لەوێدا عەقڵیەتی خێڵ دەسەڵاتدارە، کە بایەخێکی زۆر بە ئاین و شەرەف و پاراستنی ناوبانگ دەدات، ئەوان پێیان وایە گەورەترین هۆکاری بێبایەخ کردنی کەسێتی دۆڕاندنی شەرەفە، ئەویش ژن دەتوانی بیدۆڕێنی، کاتێك جەستەی خۆی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەخۆشەویستەکەی دەسپێری، بۆیەش ژنان قوربانی گەورەن و هەمیشە دەبێت کڕنۆش بۆ پیاوەکانیان بەرن و هەموو شتێکی جوانیان لی زەوتکراوە، ئەوان تەنانەت ناتوانن جۆری جلوبەرگیش بەبی ویستی پیاوەکانیان بپۆشن، بەشێکی زۆری ئەو ئازارانەش کە بەر ئافرەتی رۆژهەلاتی بەشێوەیەکی گشتی کەوتووە، رەنگە خۆیان هۆکاری یەکەم بن، لەبەرئەوەی تائێستاش وەك زەعیفە و لاوازتر لەپیاو تەماشای خۆیان دەکەن و هیچ پێشنیارو راسپاردەیەکی مەنتقیان پێ نیە بۆ دروستکردنی گۆڕان لە دیوی ناوەوەی ئەو پیاوانەی پێیان وایە ژن بەشێکە لە کەنیزەیی و دەبی بەردەوام سوژدە بەری ۆ کار بکات بۆ خۆشگوزەرانی ئەوان، ئیدی هۆکارگەلێکی وەك ترس و شەرم و دڵەراوکێی دەروونی دەبنە رێگر بۆ ئەوەی ژن وەك مرۆڤ نەتوانێت، رۆحی خۆی لە فەوتان و جەستەی خۆی لە شێواندن دەرباز بکات.

کۆمەڵگای کوردیش بە بەراورد لە گەڵ زۆربەی کۆمەڵگاکانی دیکە، پانتاییەکی بەرفرەوانی بی پەروایی مرۆڤەکانە بەرامبەر بە ژیان و ژیاری، تێفکرین و خوێندنەوەی جۆراوجۆری نەرێنی بۆ مرۆڤ بەدیدەکرێن، ئەویش بەهۆی ئەو کولتورە ئازار بەخشەی ئێمەمانان شانازی پێوەدەکەین، کولتورێك سی ژەمە فێرمان دەکات بکوژرێین و پڕاو پڕە لە مەرگ و بەجێمان لە جوانیەکان و خاڵیە لە مانەوەی بەهاکانی ژیان و روانینی ژیرانە بۆ چەمك و واتاکانی مرۆڤبوون.

farmansalih@gmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.